# تکانی شەوکەتی پرشنگەکان

ئەنوەری ڕەشی عەوڵا-فینلاند



## پاچەچی1-

بەرەبەیانان......
هەتا هەقایەتێکی هەڵمساو بە خۆشاوی خۆی بخەملێ؛
هەتا تامێکی لە تاریف نەهاتوو لەسەر لێو بێ؛
هەتا ئاکاری باپیرانمان،شوێنپێی تۆوەکانیان کوێرنەبێتەوە
لە گۆڕستانی دەروونداا.
وەرن..وەرن،دانەکانمان بە زێر بنەخشێنین.
ئەمە دەنگی ناوەوەی ئەو یارییانەن..کە تێکەڵەیەکن لە جنس و
لە ماخۆلیاکانی ناخ
وەرن..وەرن ژیاندۆستە ڕۆح ساردەوەبووەکان،
ئەو گۆرانیە کاوێژکراوانەی هی هەموومانە
بە لەونێکی تر ژەم بە ژەم بڵێینەوە
خۆ لەم سەدە ماندوو شەکەتەدا
چ کەسانێکی وا ماون،شەرم لە دڵشکاندنەکانی جوانی بکەنەوە!
وەرن..وەرن،مارشی سەرکەوتن بۆ تێکەوتنەکانمان بچڕینەوە!
وەرن..وەرن خۆ شەرم و شکۆ تاڵەمویەکیان ماوە!

هەقایەت:بە کێشەنەهاتنی کولآندنی زمانی خەیاڵ، مۆخی رەوشت، نەرمەی هەست ، بۆنی گیانێک و تامی ئەشکەنجەی دڵێکە.لە مەنجەڵی گوناهێکدا کە لە ئەفراندنی خۆمانە

تام:گەڕانەوە و بیستنی ئەو مانایانەیەکە ئایەتێک..شیعرێک..عیشقێک خەیاڵێک بە هەراو زەنای دەنگی بەرز بە ناوی خۆیانی دەدەن و وا هەستدەکەن،ئەمەیە شامانا!

ئاکار:رەنگە پیرۆزییەک بێت،ژیانبازەکان بۆ خاتری رەنجەکانیان دایانهێنابێت.

تۆو:باوک و فرزەندن لە دوو ژیاندا پێکەوە،وێنە نەبینراوەکانی یەکتری لێوە بانگ دەکەنەوە.گەرچی هەیە حاشا لەم قەرزدانەوەیە دەکات و دەڵێت..کە قەرز کۆن بوو دەفەوتێت!

گۆڕستان:تەنهاتێکستێکە،راست و رەوان یان سەرنخونکراو دانا و نادان دەینوسنەوە و هاوپۆلن تیایدا!

ددان:گەرچی پەنایە،وەلێ هەموو شتێک دەجنێت،تەنها خۆی نەبێت.

زێڕ:بە ناوی ئازادکردنەوە،رۆحی بەردمان..لە جەستەی جوداکردەوە!

یاری:تا خۆمان هانبدەین و چیدی گەشتەکانمان بە چۆڵەوانیەکاندا پەرێشانمان نەکەن،

بە چاوی دڵ نیگای خۆ رووتکردنەوەکانی ئەقڵمان کرد،بۆ ئەوەی شەهوەتەکانی رۆحمان ناسکۆلآنەتر شێوەبگرن.

گۆرانی:دەغیلەیەکە،بۆ شەوە خامۆشەکانی عومرمان خولقاند،هەتاوەکو هەر خەمهەڵگروو خەم بە بادەرێک لە کونی مانگەوە، عانەیەکی سپی ئەستێرەی تیا پاشەکەوت بکات،بۆ هێورکردنەوەی رۆژە رەشەکانی دڵ و گیان.

............................................................

# 2 - پایە

به شاهیدی باڵندەکان،
تیشک بە بەشی ئیمانی بێپەی خۆیەوە
بارانیش بە هەڵوەراندنی هۆزانی ئیلاهیانەی خۆیەوە
ژیانیان مینا ناوبژیوانێک
بە خوایشت راکێشایە نێوان:هەراسانیەکانی زەمین و ئاسمانەوە!

باڵندە:ماسیەکە لە هەوادا لەسەرخۆ و سووک مەلەی خۆی دەکات.
لێکدانەوەی خۆی بۆ بێبنی با هەیە!
ئیمان:لەبەریەکەوتنی هەموو ئەو شتانەوە دەزێ،کە قولاییان هەیە بە ئان و زەمان نابێ بەریەکبکەون،کەچی بەریەکدەکەون!
هەڵوەراندن:بارهەڵگرتن و تارومارکردنی ئەو گرژییە نزیک دەست و دوورە دەستانەن دەکەونە نێوان هەست و نەستی وردە سروشتەکانەوە.
ژیان:کەیفسازترین دۆنکیشۆت،کە هەمووومان جەنگاوەرانە یان پاشایانە نۆکەری لێدەکەین.
زەمین:دایکێکە لە دڵ.
ئاسمان:باوکێکە لە ئەقڵ.

..................................................................

# پەپوولە- 3

لێم رامێنە..بە رامانت

رەنگەکانم لە رۆحتدا دەدرەوشێنەوە،گوڵنار.

بمبورە،بەو جۆرەی جوانی خواستی،

بەشی مەراقێکی نەخشینیشت ناکەم،گوڵیار.

هانێ..تەمەن کورتیم،

گەش گەش، بە حەزەوە بیکە بەرت فڕینەکەم.خوازیار

بە جەستەی لالەزارێکی زەبوونیشتدا بێت..مەسڵەمێ وەرە
هەتا لەگەڵ بۆن بەباچونی بەیازیشماندا
بە دوا وڕێنەی تەنیاییماندا راگەم.ئاویار

رامان:جەستەی بێدەنگیەکە رەنگاورەنگ،فرە رەنگاورەنگ

جوانی:رۆحی رەوانی باخەوانێکە، بە دیار دواهەناسەدانی لاسکێکەوە. ئەوکاتەی موچڕکی دەستەمۆنەبوون لە ئارادیە.

**فڕین: گرگرتن و لەزەتی بەسەرخۆدازاڵبوون،لە پێشهاتەکانی هەبووندا**

**جەستە: شانامەی ڕۆحێکە کە لە هەڵبەز و دابەزەکانیدا دانەمابێ**

**بەیاز: چوونە بەرکانی مانگە،خۆ لەبەر ئەوئەستێرانەی دەستنوێژدەگرن ڕێ بۆ کەس نیە؟!**

.................................................................

## پەتیارە-4

روونم بکەرەوە،بە بانگی بۆشاییەک
کە پێ لە ئەرز دەخشێنێ و دەڵێت: ئەوکاتانە کاتژمێرەکان لەسەر لێدانی دڵی من
میقات بکەن
تژیین لە گۆشتی کوتکوتکراوی خۆم
شیر و خوێنی رژاوی خۆم
ژیانی پەژموردەکراوی خۆم!

بانگ:تەرکیزکردن، لەسەر گوناهگەلێکی شاراوە و ئاشنا،کە دەمبەندکراون

بۆشایی:تەحجا سەررێژ لە گێنگڵدانێک کە ئاوسە بە دەنگ و رەنگ و بۆی گوناهی تواوە
کاتژمێر:رەنج بردنی ویژدانێک،خواستێتی سەربەست بێت لە کاتە هەڵبەستراوەکانی گوناه

شیر:ئێسک و پروسکی گشت گوناهە سپیەکانن

خوێن:لە زەمانی خۆیداگوڵە گەنم بووە،کە شنەبا هات و بە شەن کای گوناهەکانیان بە باداوە ئەو ماوەتەوە و کردویانەتە رەشکەوە؛ کە بووە بە جەستەی.

خۆم:ئەو شێتحاڵە،لە کیشوەری گوناهەکاندا ریسک سازێکی ئازادە،بەوەشەوە لە هیجرەتەکانیدا حاشا لە بە سوتووبوونی خۆیشی ناکات.

.................................................................

## 5- پەلک

ئەگەرەکو پرچی پرشنگی بەیانیان بێت

به وێنەی بەسەریەکاهاتنی دیوار نا
له بەخشینی خۆشەویستی
کەمەکەمە..لەبەرەوەچوون بۆ رووباران پادەگرێ.

ئەگەرەکو زوڵفی درەختێکی رۆح سەوزیش بێت
گەردن کەچانە نا
وەکو چاکە لەبەرچاوێک، بێ تەحتیل بوون
سەرلەسەر بەدوای یەکدا بەرەو بەرەژوور هەڵدەگژێ.
ئەم دەسکی گوڵ و گیا زۆر ساکارە،
لەگەڵ با و باران و تیشکدا نەبێ
قسە رێک و رەوانەکانیشی بە پێچ و پەنان

بەیانی:باخچەیەکە،گژوگیای رووناکی تیا شین دەبێت،چاوەڕێی هاتنی باخەوانی شەو دەکات،هەتا بە زمانی خۆش بیچنێتەوە.تەنێ گوڵە ئەستێرەکان نەبێت کە گازیان لێدەکات..گوڵعەزیم.
دیوار:بێکارێکی رەتێنراوە،ئەگەر کەس نەیدوێنێ،گیانی دەستبەسەراگرتنی تیا وەئاگا دێ و لە داخاندا شەڕ بە داروبەردیش دەفرۆشێ.
رووبار:سروشتێکی دوو رووی هەیە،جارێک دیوارە و جارێکیش رێگایە..سەیرە!
چاکە: جەنگاوەرەکەی پاولۆ کۆیلۆیە..زیرەک و فێڵبازە وەکو مارو،پاکیشە وەک کۆتر.
با:وشەیەکە جێگەی گەردونی تیا دەبێتەوە.
باران:یەکێکە لەو ئەغیارە ناوازانەی، جەستە و رۆحی یەکێکن!
..........................................................